# برۆنزی کەریم دەشتیو فریادڕەسی نەوزاد ڕەفعەت لە 31ی ئابدا

باوەڕ مەجید

**سەرەتا**

کەریم دەشتیو نەوزاد رەفعەت دوو ناوی دیارن لە پانتایی شیعری کوردیو دەتوانرێت لە ڕێگای بیوگرافیای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان سەرەتاکانی شیعریان لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابردوو بدۆزرێتەوە،ئەگەرچی نەوزاد چەند ساڵێک پێش کەریم دەستی بە بڵاوکردنەوە کردووە بەڵام کەریم ئەمڕۆ بێجگە لە شێرکۆ بێکەسو چەند شاعرێکیتر یەکێکە لەو شاعیرانەی زۆرترین ستوونو لاپەڕەی شیعری نێو رۆژنامەگەریی کوردی بۆ خۆی برووەو ئامادەبوونێکی سەیری هەیە کە دەکرێت،بە سەردەمی گۆرانو شێخ نوری شێخ ساڵح بچوێنرێت کە گۆران بە ئامادەبوونی بەردەوامی لە رۆژنامەگەریی ئەوسادا توانی چۆک بە ترۆپکی داهێنانەکانی شێخ نوری شێخ ساڵح بدات،ئامادەبوونی بەردەوامی داهێنەران لە بڵاوکردنەوەو چاپکردندا گوڕو تینو هێزێک بە داهێنەر دەدات بە تایبەتیش ئەگەر خاوەنی گەنجینەیەکی رۆشنبیری بن،بەڵام نەوزاد رەفعەت راستە ساڵانە چەند شیعرێک بڵاودەکاتەوە بەڵام هەست دەکرێت هێزی شیعری هەڵنەکشاوەو تا زۆر جار کەرەسەکانی (دارستانی ئەو بنارە) دووبارەو چەند بارە دەکاتەوە بە کورتی قوڵایی شیعر لە لای نەوزاد لەسەر هەمان هێڵی بەیان رێدەکات کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو کاری لەسەر دەکردن،باشترین نموونەش خوێنەر دەتوانێت بەراوردی نێوان کۆمەڵە شیعرەکانی (دارستانی ئەو بنارە)و( نیگەرانی)و ... هتدی شاعیر بکات،بەڵام کەریم ئەگەرچی وەک هەر شاعیرێک زۆرجار خۆی دووبارە دەکاتەوە بەڵام هەوڵی داهێنان لای ئەو پیاوە هەردەم زیندووەو بەردەوام کار بەو کەرەسانە دەکات کە لە تەقلید دووریان دەخاتەوە، باشترین بەڵگەش بەراوردکردنی یەکەمین کۆمەڵە شیعری شاعیرە (خاکو هەڵۆ) بۆ نموونە بە (وردە گەڵا) یاخود کۆمەڵە شیعرەکانیتری.... هتد.

لەم نووسینەدا نامەوێت ئاستی داهێنانو شوێنی ئەو دوو شاعیرە لەسەر پانتایی شیعری کوردی بەیان بکەم،بەڵکو لەسەر دوو شیعریان دەوەستم کە خیانەتی 1996/8/31 بۆتە بابەتی شیعرەکانیانو وەک دوو تاکی جیا لە رووداوەکەیان روانیوەو تا لە چەند وێنەدا دژە هەڵوێستیشی لێکەوتۆتەوەو بە ئاشکرا لە دوو شیعرەکەدا دوو تاکی جیاواز دەبینین لە ئینتیما بوونو نا ئینتیمابووندا بۆ رووداوێکی خیانەتکارانەی وەک 1996/8/31 کە وەک دەزانرێت پارتی دیموکراتی کوردستان-عیراق بە هاوکاری سوپای رژێمی بەعسی سەدام حوسێن هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان- ی لە هەولێر دەکرد، تا بە تەواوی ناوچەکە کەوتەوە دەست پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق ئینجا سوپای داگیرکەری بەعس بۆ ناوچەکانیان کشانەوە.

## برۆنزیەکان.. شیعری؛ کەریم دەشتی

ئەم شیعرە لە ژمارە3ی مانگی شوباتی 1997ی گۆڤاری ئێستا بڵاوبۆتەوە کە زیاتر لە شیعرێکی ئاڕاستەکراوی ئاوێزان بە وێنەکانی هەولێری رۆژانی رۆیشتنی هێزەکانی یەکێتیو هاتنی هێزەکانی پارتیو بەعس دەچێت،دوای رووداوەکە شاعیر چاوەڕوانی برۆنزییەکان دەکات،کە دەتوانرێت وشەی برۆنز بە چەندان واتا تەفسیر بکرێت.

شاعیر بەم وێنانە باس لەو خەڵکە دەکات لەگەڵ یەکێتی- نولە شارەکە دوور کەوتوونەوەە؛

**باخوسترین رەنگاڵە بوون**

**ئەو ئاوێنە سورفلانەی لە کتێبی بارانەوە**

**دەرژانە سەبەتەی زەوی**

**بەهەشتیترین زێوان بوون**

**ئەو حیکمەتە سروتیانەی لە ئاسمانەوە هاتبوون**

**تەمتومانی قەدەریان دەرەواندەوە**

ئینجا به ئاشکرا باس لەو رۆژانه دەکات که هێشتا سوپای داگیرکەر قەڵەمڕەوی له شارەکه گیر نەکردبوو کەریم ئەو رۆژانەی به ساته دروەشاوەکان وەسف کردووە،ئەوەنده ئەو رۆژانەی خۆشویستووە وەک نوری خواو رەزی هەتاو سەیری کردوون؛

ساته دروشاوەکان
کۆمەڵه قەرەجێکی یاقووتی بوون
ئاڵترین سترانیان دەچڕی
رەشماڵه برۆنزیەکانیان له باڵی بەرائەت بوو
ئەستونده گیان له نوری خودا
به هەقیقەتیان دەگوت رەزی هەتاو

پاشان شاعیر راستەوخۆتر وەسفی رۆژانی پێش داگیرکردنەکه دەکات؛

ساته درەوشاوەکان
گلاسێ شەڕابی تەناهی بوون
سەبەتێ ترێی بەهەشتی بوون
مشتێ بادامی ئازادی بوون
سفرەیێ تاوڵی موراد بوون

شاعیر به ئاهێک باس له شارەبەدەکردنی یەکێتی‌ی نیشتمانی‌ی کوردستانو تاکه برۆنزییەکانی ناو یەکێتی‌ی دەکات؛

سەلامەت بن پەڕەسێلکه برۆنزییەکان
که ناوادە کۆچتان کردو
ژووری کتێبەکانتان چۆڵ کرد

لێرەوە ئینتیمابوونی کەریم دەشتی بەدەر دەکەوێتو چاوەڕێی گەڕانەوەی هێزەکانی یەکێتی‌ی نیشتمانی‌ی کوردستان دەکاتو ئەو له کاتی هاتنەوەیاندا بۆ هەولێر به گوڵ پێشوازیان لێدەکات ،بخوری نوێژێکی ئەبەدیش دادەگیرسێنێت، له پاڵ ئەو حاڵەتەدا شاعیر له هەولێردا له ماوەی داگیرکردنەکەدا هەست به غوربەت دەکاتو کۆمەڵێک شوێنی دیاری ناو هەلێر له شیعرەکەیدا تەوزیف ەکات؛

ئەوا من هەمیشه لەژێر تریفەی مانگی تەنها
له ژێر مناره چۆڵەکەی شاری غوربەت
له پەنجەرەو له تەک ئاسەواری مەچکۆ
له بەردەرگای قەڵا وەهم کوژەکەی شار
له لای پەیکەرەکەی زەعیم
له کن ئاوەکەی کەسکو سۆر
له لای قەسرەکەی عەتاوڵا
له مزگەوتی شێخی چۆڵی
وەستاومو گوڵم پێیه
بخوری نوێژێکی ئەبەدی دادەگیرسێنم
که میحرابەکەم پڕیەتی له ژاڵه

فریادڕەس... شیعری؛نەوزاد رەفعەت

وەک لە ژێرەی شیعرەکە نووسراوەو دەردەکەوێت کە دەقەکە لە ساڵی 1997 نووسرابێتو بۆ یەکەمینجار لە گۆڤاری رامان بڵاوکراوەتەوە پاشان لە لاپەڕە 241ی کۆشیعری (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە)ی شاعیر بڵاوکراوەتەوە.

سەیر بکەن شاعیر چەند دڵخۆشە بە هاتنەوەی بەعسو پارتی بۆ شاری هەولێرو ئەو هاتنەوەیە بە بخوری رۆژی جەژن دەچوێنێنێت، لەم وێنانەدا نەوزاد ئەو هاتنەوەیە بە کارێکی نوێبوونەوەو هەڵهاتنەوەی خۆرەتاوێکی تازە وەسف دەکات؛

**بە بڵندبونەوەی شاخدا**
**بە کاژداماڵینی بەردا**
**بە گەشانەوەی ئاسماندا**
**بە زەردەخەنەی پەنگری ئاگردانا**
**بە شەوقی رێی کاکێشانو هەڵهاتنەوەی خۆرەتاودا**
**بە هەڵقوڵانەوەی مانگو هەڵگیرسانەوەی کانیاودا**
**دەمزانی دەگەڕێیتەوە**
**وەک قلە بخوری جەژنان**
**بۆنی شار خۆش دەکەیتەوە**

پاشان شاعیر وەک باکگراوندێک وەسفی ئەو رۆژانە دەکات کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر بووەو شیعرەکەی ئاوێزان دەکات بە کۆمەڵێک وێنەی شیعری کە لە شیعری شاعیرانی جەنگەکانی حزب دەچێت، بۆ ئەمەش خوێنەر دەتوانێت لەگەڵ وێنەکانی پێشەوەیدا بەراودیان بکات، شاعیر دەڵێت کە یەکێتی لە هەولێر پارتی دەرکرد ، یەکێتی لە هەولێر ئەم مەنجەنیقەی بۆ خەڵکی هەولێر داخست؛

**پاش سەرهەڵگرتنی ناوادە**
**چاخی درێژو زێڕینی کوللە داهات**
**هەر سوارێک هات**
**رمێکی لە ملی گای پیتۆفەڕ چەقاند**
**پیر دەستیان بە چەقۆکدا کێشا**
**قورینگ خۆیان لە گۆڵی رۆندک هەڵکێشا**
**کۆسارو باز شینیان گێڕا**
**کۆتری هێلانی شێواو**
**ئەم سەرو ئەو سەری دنیا بۆ سێبەری پووشێک گەڕا**
**موغ لە گوێ ئاگردانی سارد گرمۆڵە بوون**
**لە تەک بێچووی مردارەوە مەل هەڵکوڕمان**
**پەڕەمووچی رەنگینی تاوسی پیرۆز**
**قژی پەلکە زێڕینانە.... بارانانە**
**د د د د د د د د د د**
**ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا**
**و و و و و و و و و و**
**د د د د د د د د د د**
**ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا**
**و و و و و و و و و و**
**د د د د د د د د د د**
**ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا**

و و و و و و و و و و

د د د د د د د د د د

ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا

و و و و و و و و و و

بەسەر زبڵو زەلکاوەوە دەنیشتەوە

جێ نەما سوور هەڵنەگەڕێت

مێ نەما یەخەی دانەدڕێت

درێژدادڕی وای لە شاعیر کردووە کە کایەی وێنە شیعرییەکان  هەناسایان تەنگ ببێتو رووداوە مێژووییەکە بەرەو رەهەندی ئایندەخوازی بباتو جۆرێک لە بەربوونەوەی جڵەوگیری شیعرییەت ئاڵۆز ببێتو وێنەکان شەرحی حاڵی گومان بکەن.

دەکرێت وردترو زیاتر لەبەردەم هەردوو دەقەکەی کەریمو نەوزاد هەڵوەستە بکرێتو خوێندنەوەیتریان بۆ بکرێت بە تایبەتیش کار لەسەر مێژوو- سیسۆلۆژی دەقەکان بکرێت،من لێرەدا دەوەستمو کاتی زیاترم نیە،بەڵام نازانم جارێکیتر ئایا کاتم دەبێت قووڵتر لەم دوو دەقەو لە دەقیتری هاوشێوەی ئەم دوو دەقە بدوێنم،ئەوەی بەلای منەوە لەم نووسینەدا مەبەستم بوو کەشفکردنی مێژووە لە دەقی شیعردا.

## سووکە بەراوردێک

پێم باشە لە کۆتایدا بۆ باشتر خوردکردنەوەی هەردوو دەقەکە،ئەم سووکە بەراوەدە بنووسم؛

- بە تێڕوانینی من نەوزاد رەفعەت،شیعری فریادڕەس-ی لە وەڵامی شیعری بڕۆنزیەکان-ی کەریم دەشتی نووسیوە.
- هەردووکیان ئەفسانەیان تەوزیف کردووە،بە تایبەتی نەمریو ژیانەوە.
- نەوزاد کەسێکی تووڕەیە لەم شیعرە،بەڵام کەریم هێمن.
- کەریم راستەوخۆ لە رووداوەکە دەدوێت،بەڵام نەوزاد هەوڵدەدات دەقەکە بە رەمز دابپۆشێت.
- لەدەقەدا جارێکیتر کەریم سەلماندییەوە کە بەردەوام هەوڵدەدات خوێنەرانی بە کەرەسەو - وێنەی نوێ ئاشنا بکات،بەڵام نەوزاد بۆ نموونە لەم شیعرەش نەیتوانیوە لە چوارچێوەی( نیگەرانی) بپەڕێتەوە.
- دوای چەندان ساڵ لە تێپەڕبوون بەسەر راپەڕینی ساڵی 1991 یەکەمیجارە کە شاعیرێکی ناودیار(نەوزاد رەفعەت) هاتنەوەی بەعس بۆ کوردستان بە گەشانەوەی ئاسمان وەسف بکات،بەڵام کەریم ئاماژەی بەو حاڵەتەو حاڵەتیتر نەداوە.

لە هەردوو دەقەکەدا ئینتیمابوونی هەردوو شاعیرەکەمان بۆ دەردەکەوێت،بەڵام ئەوەی کەریم زیاتر حاڵەتێکی دەروونیەو کۆمەڵێک هاوڕێی لێ دوورکەوتوونەتەوە.